# کۆنسێرڤاتیزم

عەبدولرەسول بەیاپ
لە فارسییەوە: رەسول سوڵتانی

«کۆنەپارێزی» یان «بڕوابوون بە راگرتن و پاراستنی کۆن» بۆ دەستەواژەی کۆنسێرڤاتیزم دانراوە و فرمانی (conserve) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای پاراستن و راگرتنە. کۆنەپارێزی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، بە واتای جۆراوجۆر و ناڕوون بەکار براوە. دەکرێ بڵێین «کۆنسێرڤاتیزم بریتییە لە کۆمەڵێك بیر و را و روانینی سیاسی کە پاراستن و هێشتنەوەی نەریت و قانون و ناوەندە کۆنەکانی بەلاوە گرنگترە لە هەموو ئەو ناوەند و یاسایا نوێیانەی هێشتا تاقی نەکراونەتەوە و نەسەلمێنراون.» هەربۆیەش زۆر بە بەرفراوانی ئەو دەستەواژەیە وەك دژایەتیکردنی گۆڕانەکان، بە تایبەتی گۆڕانە توند و قوڵەکان لێکدراوەتەوە. بەو جۆرە کۆنسێرڤاتیزم دەکەوێتە دژەدیوی توندڕەوی (رادیکاڵیزم) و کودەتاخوازی، تەنانەت چاکسازی و ریفۆرمیزم. بەو پێیە، ئەوانەی دژی گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی (وەزعی مەوجود) و ریفۆرم بوون، پێیان دەوترا کۆنەپارێز یان کۆنسێرڤاتیزم. مایکل ئۆکشاف پێیوایە کۆنسێرڤاتیزم واتە هەموو شتە روون و ئەزمونکراوەکانت لە شتە تاقینەکراوە و نەناسراوەکان پێ باشتر بێ. بە گشتی دەکرێ بڵێین، کۆنسێرڤاتیزم جۆرێك گەڕانەوەی هۆشیارانەیە بۆ نەریت، کە لە دژ کردەوەی لە بەرامبەر رەوتی مۆدێرنیزم و دژایەتی لەگەڵ لیبرالیزمدا لە رۆژئاوا هاتووەتە ئارا و ویستویەتی لە هەمبەر کۆمەڵێك گۆڕانکاریی دونیای نوێدا راوەستێ.

لە نەریتی سیاسیی بەریتانیادا کۆنەپارێزی پێگەیەکی بەهێزی هەیە و حزبی کۆنسێرڤات بەردەوام یەکێك بووە لە حزبە گەورەکان.

## ...یە گشتییەکان

ئەگەرچی کۆنسێرڤاتیزم یان کۆنەپارێزی وەك سیستمێکی گشتگیری فەلسەفی نەخراوەتەڕوو، بەو حاڵەشەوە دەکرێ بەو ئەو بنەما و هێڵەگشتییانە بوترێ، کە زیاتر لایەنی تیۆرییان هەیە و لەوانەیە بۆ شتی دەرەوە راست دەرنەچن:

١. رەتکردنەوەی هەرچەشنە توندڕەوی و دژایەتیکردنێکی گۆڕانکاری و ریفۆرم، بە تایبەتی گۆڕانە کتوپڕەکان.

٢. دژایەتیکردنی ئەو عەقڵگەراییەی لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە هاتووە.

٣. گەڕانەوە بۆ نەریت و ئەزمونخوازی و گرنگیدان بە جیهانی دەوروبەر (لە بەرامبەر عەقڵگەرایی فەلسەفیدا).

٤. پێداگراتنەوە لەسەر ئاین و پاراستنی هەرێمەکانی ئاین لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵێیەتیدا (تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانەشەوە کە خۆیان بڕوایان بە ئاین نییە.)

٥. رەتکردنەوەی حەز و خولیای ئایدیالیستی.

٦.گومانخوازیی سیاسی و دوژمنایەتیکردنی داڕشتنەوەی تیۆریی ئەبستراکت.

٧. دیتنی کۆمەڵگە وەك گشتێکی ئۆرگانیك لە بەرامبەر تێگەیشتنی....

٨. بڕواهەبوون بە پیرۆزایەتیی خاوەندارێتی و قبوڵکردنی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان و نایەکسانییە کۆمەڵێیەتی و ئابورییەکان.

٩. روانینی باوکسالارانە بۆ کۆمەڵگە، و لایەنگری لە حوکمەتی ناوەند لە هەمبەر هەندێ کۆنەپارێزدا.

روونکردنەوە: مەبەست لە دژایەتیی کۆنسێرڤاتەکان لەگەڵ عەقڵگەرایی ئەوە نییە رەتی بکەنەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بنەما و کۆڵەکەی ئەو ئەساڵەت و رەسەنایەتییە لەرزۆك بکات، کە عەقڵگەراکان بە عەقڵیان داوە. ئەو دژایەتییە لە

پێناوی پشتراستکردنەوەی «نەریت» و «ئەزمون»دایە. لە راستیدا کۆنەپارێزەکان لەلایەکەوە دژایەتیی «عەقڵگەرایی فەلسەفی» دەکەن، لەبەرئەوەی عەقڵگەرایی فەلسەفی گرنگی بە شێوازی ئەزمونی و داتا ئەزمونییەکان دەدات و لە لایەکیشەوە عەقڵگەرایی زۆر بەتوندی رەخنە لەو ئامرازە دەگرێت، کە میراتی سەردەمی رۆشنگەرییە، چونکە نەریتەکان پشتگوێ دەخات و بایەخ بە ئەزمونی نەوەکان نادات. خۆی ئەگەرچی زۆریش گرنگی و بایەخ بە شێوازی ئەزمونی دەدات. بەلای ئەوانەوە گرنگی و بەهای عەقڵ کەوشەنی ئەزمونەکان نابەزێنێ. ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەزموندا لە هزری سیاسی تێدەگەن نەك لە باس وخواسە فەلسەفییەکانەوە. بە گشتی شێوازەکەی ئەوان شێوازی سەلماندن(ئیستیقرایی) نە قیاسی و بەراوەردکردن. لە روانگەی کۆنەپارێزەکانەوە، عەقڵی تاك ناتوانێ حەقیقەت بدۆزێتەوە و بگاتە ماریفەت(مەعریفە)ی رەها. ئەوان پێیانوایە عەقڵ خۆی دیل و کۆیلەی شەهوەت و حەز و ئارەزوو و مەبەستەکانە. دەبێ لە نێو حەز و ئارەزەوو و ترس و خووخدەکاندا بەدوای هانە و ئەنگیزەی سەرەکیی بریار و کردەوەکانی مرۆڤدا بگەرێین، نەك لە هەڵسەنگاندنی ئەقڵێنیدا. ئەدمۆند برێك دەیوت:» پاشکەوتی عەقڵی تاك بە تەنیایی کەمە و واباشترە خەڵك پەنا بەرنە گەنجینە و سەرمایە گشتییەکەی میللەتان و سەدەکان.» دیزەرلی دەڵێ:»ئەو توێژەرانەی لە هەمووان قوڵتر بیر دەکەنەوە، باش دەزانن عەقڵ و ئاوەزی بنیادەم چەندە بەرتەسکە...» هەر وەك دەزانن ئەو راسپاردە و هێڵەگشتییانە چەندە لە بیروباوەری پۆست مۆدێرنەکانەوە نزیکە. هەر لێرەوە دەبێ پردێك لێبدەین بۆ تێگە و بۆچوونەکانی دیکەی ئەوان واتە بروابوون بە ئۆرگانیکبوونی کۆمەڵگە، چونکە ئەو بۆچوونە پاژەکانی کۆمەڵگە وەك جەستەی بنیادەمێك دادەنێت، کە هەموو جومگەکانی پێکەوە بەندن و کار لێکدەکەن. بە پێچەوانەی بۆچوونی لیبرالیستەکان، ئەزمونی ئینسانەکان لە هەلومەرجە ناوچەیی کلتورییەکان جیاواز دەبێت و ناکرێ کۆمەڵێك یاسا و قانونی ئەخلاقی و کۆمەڵێیەتیی نەگۆر لەسەر بنەمای عەقڵ، بۆ هەموو بنیادەمەکان دابنێین. ئەوان رایان وایە، کۆمەڵگە پتر لە جەستەیەکی زیندوو دەچێتە هەتا مەکینەیەك. کۆمەڵگە تان و پۆیەکی پێچەڵپێچە لە پەیوەندییە ئینسانییەکان،



ئەدمۆند برێك

کە گەلێڵە و بەرنامەی بەپەلەی ریفۆرمیستیانە، زۆر بە ئاسانی ئەو تەکووزی و نەزمەی لێ دەشێوێنێ و تێکی دەدا. بەتایبەتی ئەو جەستە زیندوە، بە تێپەرینی کات و لە قۆناغە مێژووییەکاندا گەشەیکردووە، هەر بۆیە کۆنسێرڤاتەکان زۆر زۆر گرنگی بە لەمێژینەیی بابەت و شتەکان دەدەن و لە مەترسییەکانی پەلەکردن بۆ وەدیهێنانی خولیا و ئایدیاکان هۆشداری دەدەن. هەندێ لە کۆنەپارێزەکانی وەك ئۆکشاف لەسەر ئەو باوەرەن، تاکگەرایی لە هەمبەر نەهیشتن و خەسارکردنی پەیوەندییە کۆنە کۆمەڵێیەتیەکاندا بەرپرسیارە بەبێ ئەوەی توانیبێتی، جێگرەوەیەك (ئەڵتەرناتیڤ) بۆ ئەو پەیوەندییانە بخاتەروو.

هۆشمەن لە سێ فاکتەردا، هەموو ئەو بەڵگاندن و هۆکارانەی کۆنەپارێزان بۆ گەرانەوە بەرەو نەریت و رێزگرتن لە نەریتەکۆنەکان و رەتکردنەوەی گۆرانەکان پێیان بەسەر دادەگرنەوە، دەکاتە سێ بەش: یەکەم ئەوەی کە، گۆرانەکان جاری وایە دەرکەوتەی وایان لێدەکەوێتەوە، کە پێشتر، پێشبینی و چاوەروان نەکراون.

هۆکاری دووەمیان، بێسودبوونی گۆرانەکانە. بۆ وێنە زۆربەی گۆران و شۆرشەکان جگە لەوەی دەسەڵات لە گروپێك بستێننەوە و بیدەن بە گروپ و تاقمێکی

ئایدیا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەدەچێت
ژمارە(٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم

## بیرمەندە کۆنەپارێزەکان

ئەدمۆند بڕێك روخساری هەرەدیاری بیرمەندانی بواری کۆنسێرڤاتیزمە. ئەو گەلێك تێڕامان و رەخنەی لە شۆڕشەکەی فەرەنسا هەیە. ئانتۆنی کۆینتن لە تاوتوێکردنی ئەو بوارەدا ناوی سیسرۆن و ژان بدێن، هالیفاکس، مۆنتسکیۆ، والپۆل دۆمستەر، دیزراییلی و سایسبۆری دێنێ. بەکارهێناوی دەستەواژەی کۆنسێرڤات و کۆنسێر[illegible] گەڕێتەوە بۆ تێڕامانەکانی ئەدمۆند بڕێك لە شۆڕشەکەی فەرەنسا.

مایکل ئۆکشافی ئینگلیزی، لەم سەردەمەدا بەناوبانگترین روخساری کۆنەپارێز، هەروەها یەکێکیشە لەو کەسانەی رەخنەی هەندێ تایبەتمەندی و فاکتەری دونیای مۆدێرن گرتووە و هەوڵ و گۆڕانکارییە نوێیەکان بە جۆرێك ئایدیالیزم و برینی رێگەی مەترسیدار و ئەزموننەکراو دەزانێ. ئۆکشاف پێیوایە، فەلسەفەی سیاسی رەگ و پنجی لە ئەزمونی سیاسیدایە نەك لە بیرۆکەی تیۆری و ئەبستراکتدا. وەك باسکرا، بە رای ئەو کۆنەپارێزی بەو مانایەیە کە، شتی روون و سەلمێنراو بخرێتە سەروی شتە ناروون و نادیارەکانەوە و ئەزمونکراوەکان بخرێنە بەر ئەو شتانەی ئەزمووون نەکراون و ئەوەی هەیە، بەباشتر بزانرێ لەوەی دڵ دەیەوێ و شتێکی دەستت پێی رابگا، ئەگەر کەم و بەرتەسکیش بێ، پێت باشتر بێ لەوەی زۆر و بێسنووره، بەڵام دیار نییە*. هەر بۆیەش ئەو وەك زۆربەی کۆنەپارێزەکان خۆی بە کەسێکی پراگماتیست دەزانێ. ئەو پێیوایە، تاکگەرایی و پێداگرتنەوە لەسەر ئەزمونە تاکەکەسی و خۆرسکەکان بووە هۆی لاوازبوون و بەناوچوونی پەیوەندییە کۆمەڵێیەتییەکان. تاکگەرایی دواجار کۆمەڵێك مرۆڤی لێکەوتەوە، کە حەزیان لێ نییە، یان ناتوانن شان بدەنە بەر باری بەرپرسیارەتی. هەر ئەو رەوتە ـ واتە تاکگەرایی زێدەڕۆیانە ـ هەندێ جاران بووە هۆی زێدەڕۆیی و هاتنە ئارای ئەخلاقی دەی تاك، کە دواجار تەناهی (ئەمنیەت)ی خستە سەروی (ئازادی)یەوە و بۆ دابینکردنی هەستی تەناهی و ئاسایش، وازی لە ئازادی هێنا و پەنای بردە بەر دەسەڵات و سیستمە جەماوەری[illegible] و سەر لوتکەرەکان.

ئۆکشاف پێیوایە ژیانی سەرکەوتوانە لەسەر



مایکڵ ئۆکشاف

دیکە، هیچ شتێکی دیکەیان لێ نەکەوتوەتەوە. سێهەم ئەوەی کە، گۆڕانکارییەکان مەترسییان بەدواوەیە و ئەو تێچووەی بۆ ئەوان تەرخان دەکرێ، لە سودەکەی زیاترە.

سەبارەت بە مەسەلەی «ئازادی»ـیش، کۆنەپارێزەکان پێیانوایە نابێ ئازادی بە گرنگترین ویست و پێداویستیی کۆمەڵگە دابنێین، ئازادی تەنیا لەو لایەنەوە کە رێخۆشکەر و بەرگریکەری «خاوەندارێتی»ـیە، دەبێ رەچاو بکرێت. هەر بۆیەش زۆربەی کۆنەپارێزەکان لە دەلاقە و روانگەی باوکسالارانەوە لە حکومەت دەڕوانن و پشتیوانی لە حکومەتی سەنترال (مەرکەزی) دەکەن. لەو باوەڕەدا، حکومەت درێژەی بنەماڵە و دەسەڵاتەکەشی وەك دەسەڵاتی باوك وایە. هەر بۆیە زۆربەی توێژەرەکان وێکچوویی لە نێوان بیری کۆنسێرڤاتیستی و فاشیستیدا بەدیدەکەن.

بنەمای ماریفەتی فەلسەفی و عەقڵگەرایی فەلسەفی رانەوەستاوە، هەربۆیە ئەو هێرش دەکاتە سەر دیکارت و ڤۆلتێر و بێنتام و مارکس و ئەنگڵس. بە بۆچوونی ئەو، زێدەڕۆیی لە عەقڵگەراییدا ژیانی ئەخلاقیی خەڵکی رۆژئاوای تێك دا. ئەو لە بەرامبەردا، بەرگری لە واتایەکی تایبەتی نەریت «ترادیسیۆن» دەکات. لەبەر ئەوەی نەریت لە هەوراز و نشێوەی زەمەنەکاندا بیچم دەگرێ و ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە گەشە دەکات، بەڵام روونکەرەوە و نوێنگەی ئەزموونە رەسەن و سروشتییەکانە.

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە هەندێ کەسایەتیی کۆنەپارێز تەنیا لە یەك بواردا ئەویش کۆمەڵێیەتی، یان ئابوری، کۆنەپارێزن و لە بوارەکانی دیکەدا بە کۆنەپارێز دانانرێن.

٤. کۆنەپارێزیی نوێ (نیوکۆنسێرڤاتیزم)

لە دەیەی (١٩٧٠)دا هاوکات لەگەڵ داکشان و هەڵکشان و هەڵێوسان و گومانکردن لە کارابوونی حکومەتە خۆشبژێوییە»رەفاهی»یەکان و لە سیاسەتە ئابورییەکانی کینزیدا، زۆربەی کۆنەپارێزەکانیش گۆران بەسەر بنەمای هزری و ئایدۆلۆژیکییاندا هات. ئەو روانگە نوێیانەی هاتنە ئاراوە، پێیانوترا کۆنەپارێزیی نوێ. لە راستیدا لە نێو بیر و هزری کۆنەپارێزیی سەدەی بیستەمدا لە رۆژئاوا دوو باڵ (کوتلە) دروستبوو. یەکێك لە باڵەکان لایەنگری سیاسەتە کینزییەکانی کۆن یان باوکسالاریی کۆنەپارێزانە بوو، کە لایەنگری لە حکومەت دەکات، بۆ ئەوەی دەست لە کاروبارە ئابورییەکانیش وەربدات، ئەوی دیکەش کۆنەپارێزیی نوێیە، کە پێیوایە حکومەت دەبێ زۆر کەم (لە کەمترین ئاستدا) دەست لە کاروباری ئابوری وەربدات.

هەر وەك باسکرا، بە گشتی یەکێك لە بنەماکانی کۆنەپارێزی، گرۆیی و گەرانەوەیە بۆ نەریتەکان، بەو جۆرە هەر وەك ئەدمۆند برێك و کۆنەپارێزەکانی سەرەتا دەگەرانەوە سەر سیستمەکەی بەر لە شۆرشی فەرەنسا و پێیان لەسەر نەریتەکانی ئەودەم دادەگرتەوە، کۆنەپارێزەنوێیەکانیش دەگەرێنەوە بۆ سیستمی ئابوریی پێش کینزی، کە لە راستیدا لە هەندێ لاوە، گەرانەوەیە بۆ لیبراڵیزمی کلاسیك، هەر بۆیە کۆنەپارێزیی نوێ زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ لیبراڵیزمی نوێ هەیە. هەر دوو قوتابخانەکە لە کەسایەتیی وەك فریدریش هایکدا یەك دەگرنەوە.

هەرچۆنێك بێ، دەکرێ کۆنەپارێزیی نوێ بە تێکەڵەیەك لە چەمکە نەریتییەکانی کۆنەپارێزی «وەك دەوڵەتی بەهێز و پێداگرتنەوە لەسەر سیستم و قانون و...» لەگەڵ بنەماکانی ئابوریی بازاری ئازاد، بزانین. لەو رووەوە ئەو بیرمەندانە، وەك نیۆلیبراڵەکان پێیان لەسەر تاکگەرایی و ئازادی و حکومەتی بچوك و کەم داگرتووەتەوە، لە هەمانکاتدا کە باوەریان بە حکومەتی بەهێز هەیە، بەڵام باوەریانوایە دەستتێوەردانی بەربڵێوی حکومەت لە ئابوریدا، کەسایەتیی ئەخلاقیی خەڵك بەهێز دەکات. ئەو بۆچوونە، وەك نیولیبراڵەکان پێیوایە هەبوونی نایەکسانی مەرجی گەشەکردن و خۆشبژێویی ئابورییە. هەر لەو رووەوە هیچ ترسی لەوە نییە دادپەروەری و یەکسانی زیانی پێ بگات.

هەڵبەت، سەرەرای ئەو هەمووە وێکچوونەی نێوان کۆنەپارێزیی نوێ و لیبرالیزمی کلاسیك و نیولیبراڵیزمدا، بەڵام کۆنەپارێزە نوێیەکان ـ وەك کۆنەپارێزەکانی دیکە ـ کێشەیان لەگەڵ ئەو کلتور و شێوە ژیانە لیبراڵییەدا هەیە، کە لە رۆژئاوا باوە و زۆر نارازین لەو چاوقایمی و بەربەرەڵڵیی ئەخلاقی و لاوازبوونەی چوارچێوەی بنەماڵە و ئاین و ئاڵۆزییە کۆمەڵێیەتییانە، هەروەها بەپێچەوانەی نیولیبراڵەکان، پێ لەسەر تەکوزی و دسیپلین و تەناهیی سیاسی دادەگرێتەوە.

بەگشتی دەکرێ بڵێین، لە سیستمە سیاسییەکانی ولێتانی رۆژئاوادا لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، تێکەڵێویەك لە لیبراڵیزم و کۆنەپارێزی پێکهاتووە. لە دەیەی (١٩٨٠)دا زۆربەی حکومەتە رۆژئاواییەکان لە دژکردەوە بەرامبەر ئەو قەیرانە ئابورییەی لە ئاکامی سیاسەتی کینزی و ئابوریی لیبراڵ دیموکراسیدا، روویانکردە لای باڵی راست، کە پێیدەوترێ «راستی نوێ». لە راستی راستی نوێ لێکدانەوەیەکە، کە هەم بۆ نیولیبراڵەکان و هەم بۆ کۆنەپارێزە نوێیەکانیش بەکار دەبرێ. بە واتایەکی دیکە، راستی نوێ، لە رووی ئابوری و سیاسییەوە لیبراڵە و باوەری بە فاکتەرگەلی وەك بازاری ئازاد و حکومەتی بچوکە و لە رووی کلتوری و کۆمەڵێیەتی و ئەخلاقیشەوە پابەندی بنەماکانی کۆنسێرڤاتیزمە.

لە بەریتانیا، حکومەتی تاچەر و لە ئەمریکاش دەوڵەتەکەی رایگان، ئەوا مەیلەو راستی نوێ یان کۆنەپارێزیی نوێ بوون.